کۆماری عێراق

ئەنجومەنی نوێنەران

# ڕێبەری خزمەتگوزاریە پەرلەمانیەکان

## خولی هەڵبژاردنی پێنجەم



# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# ڕێبەری خزمەتگوزاریە پەرلەمانیەکان

# خولی هەڵبژاردنی پێنجەم

٢٠٢١

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| خزمەتگوزاری دەرکردنی ناسنامەی هاتنەژوورەوە | ٣ |
| بەشی دەرکردنی ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران | ٣ |
| ڕێوشوێنی بەدەستهێنانی ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران | ٣ |
| بەشی دەرکردنی ناسنامەی ناوچەی سەوز | ٤ |
| ڕێوشوێنی بەدەستهێنانی ناسنامەی ناوچەی سەوز | ٤ |
| خزمەتگوزاری دارایی | ٥ |
| مووچە | ٥ |
| بڕینی خانەنشینی وباج | ٦ |
| کرێی نیشتەجێبون | ٦ |
| تێچوونی گەشتکردن و شاندن | ٧ |
| کڕینی پێداویستیەکان | ٧ |
| خزمەتگوزاری یاسایی | ٩ |
| ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ پاسەوانە کەسایەتیەکان | ٩ |
| بەکرێگرتنی خانوو | ١٠ |
| خزمەتگوزاریە کارگێڕیەکان | ١٢ |
| ڕاییکردنی مامەڵەی خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ خولی ڕابردوو | ١٢ |
| ئەرکەکانی تایبەت بە خولی هەڵبژاردنی نوێ | ١٣ |
| خزمەتگوزاری پەیوەندیە گشتیەکان و ڕێورەسمە پەرلەمانیەکان | ١٦ |

| | |
|---|---|
| خزمەتگوزاریەکانی تەکنولۆژیاو پەیوەندیەکان | ٢٣ |
| خزمەتگوزاری مەشق و پەرەپێدانی پەرلەمانی | ٢٦ |
| خزمەتگوزاری ڕاگەیاندن | ٢٨ |
| خزمەتگوزاری توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوە پەرلەمانیەکان | ٣١ |
| خزمەتگوزاریەکانی کاروباری پەرلەمانی | ٣٤ |
| خزمەتگوزاریەکانی یاسادانانی پەرلەمانی | ٣٨ |
| خزمەتگوزاری ئەندازیاری | ٤١ |
| خزمەتگوزاریەکانی ڕاوێژکاری یاریدەدەر بۆ کاروباری ئەمینداریەتی گشتی | ٤٣ |
| ئەمینداری گشتی | ٤٥ |
| نوسینگەی ئەمینداری گشتی | ٤٥ |
| بەش و هۆبەکانی سەر بەنوسینگەی ئەمینداری گشتی | ٤٥ |
| ئەرك و کارەکانی هەریەك لەو بەش و هۆبانە: | ٤٥ |
| دەرگاکانی هاتنەژوورەوە | ٤٥ |
| باری نائاسایی | ٤٧ |
| بەشی وردبینی و چاودێری ناوخۆ | ٤٧ |
| بەشی گرێبەستەکان | ٤٧ |
| جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی | ٤٨ |
| نوسینگەی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی | ٤٨ |
| جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی | ٤٨ |
| نوسینگەی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی | ٤٩ |

# پێشەکی

## بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران
## سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت..

لە کاتێکدا کە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنتان و بەدەستهێنانی متمانەی گەلە بەخشندەکەتان، خۆشحاڵ دەبین کە (ڕێبەری خزمەتگوزاریە پەرلەمانیەکان) بخەینە بەردەستتان بەمەبەستی پێناساندنێکی کورتی ئەو خزمەتگوزاریانەی هەریەك لە پێکهاتەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەشی پەرلەمانتاران و لیژنەکانی دەکەن.

هەروەها ئەمینداریەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتێکی تردا هەڵدەستێت بە دەرکردنی ڕێبەرێکی هەمەلایەنە کە فەرمانگەی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی نوێنەران ئەرکی کۆکردنەوەو ڕیکخستنی هونەری و چاپکردن و دابەشکردنی لە ئەستۆ دەگرێت، بەمەبەستی پێناساندنی دیدگاو ئەرکەکان، لەگەڵ ناساندانی پێکهاتەکانی (فەرمانگە، بەشەکان، هۆبەکان) بەشێوەیەکی فراوان و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانی کە بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان پێشکەشی ئێوەی بەڕێز دەکرێت بەمەبەستی یارمەتیدانتان لەجێبەجێکردنی ئەرکە دەستوریەکانتان کە خۆیان لەیاسادانان و چاودێریکردن و نوێنەرایەتیکردنی دەنگدەراندا دەبیننەوە، هەروەها ئەو ڕێبەرە میکانیزم و چۆنیەتی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری پێویست و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران و بازنەکانی هەڵبژاردنی خۆتان و ژمارەی تەلەفۆنی پێویست دەگرێتەخۆ.

هیواداریـن ئەو بەرهەمە ببێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاریکاری پێویست لەنێوان ئێوەی بەڕێز و ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی وڵات و هاوڵاتیان و دابینکردنی ژیانێکی ئاسودە بۆ هەموان. دەتوانن لەماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی ئەنجومەنی نوێنەران www.parliament.iq بەهەردو زمانی عەرەبی وکوردی کۆپی ئەلیکترۆنی ئەم ڕێبەرە بەدەستبێنن.

د. سیروان عبدالله ئیسماعیل
ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران

# خزمەتگوزاریە پەرلەمانیەکان

## خزمەتگوزاری دەرکردنی ناسنامەی هاتنەژوورەوە
## بەشی دەرکردنی ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران

بەڕێوەبەری بەش (تالیب مجلاد تاهیر/ بەکالوریۆس لە زانستەکانی کۆمپیوتەر)

یەکێکە لە بەشەکانی سەر بەنوسینگەی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵدەستێت بە دەرکردنی ناسنامەو باجی هاتنەژوورەوەی باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەریەك لە:

١- ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی خولی ئێستاو خولەکانی رابوردوو.

٢- پاسەوانانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی خولی ئێستاو خولەکانی رابوردوو.

٣- فەرمانبەرانی ئەنجومەنی‌نوێنەران (میلاك، گرێبەست، تەنسیب، کرێی ڕۆژانە) و ناسنامەی چونەژوورەوەی هۆڵەکانی کۆبوونەوە بۆ فەرمانبەرە دیاریکراوەکان.

٤- ناسنامەی لایەنە دەرەکیەکان (وەزارەت، دەستەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان...) بەمەبەستی هاتنەژوورەوە بۆ ناو باڵەخانەی ئەنجومەن.

٥- کارتی تایبەت بۆ پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی هاتنەژوورەوەیان بۆ ناو باڵەخانەی ئەنجومەن.

٦- هاتنەژوورەوە بۆ ناو باڵەخانەی ئەنجومەن لەکاتی کۆنگرەو سمینارو چالاکیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.

## ڕێوشوێنی بەدەستهێنانی ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران

١- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە هۆبەی ناسنامەکانی ئەنجومەن.

٢- پێشکەشکردنی بەڵگەنامە ئۆرجینالەکان.

٣- پێشکەشکردنی دوو وێنەی کەسی.

٤- ئامادەبوون لە بارەگای هۆبە بۆ وێنەگرتن.

٥- پشکنینی تۆماری تاوانی پاسەوانان لەلایەن بەشی ئاسایشەوە.

٦- فەرمانگەی تەکنولۆژیای زانیاری هەڵدەستێت بە ناردنی کارتی ئەلیکترۆنی تایبەت بە سیستمی دەنگدان بۆ هۆبەکە.

## بەشی دەرکردنی ناسنامەی ناوچەی سەوز

## بەڕێوەبەری بەش (عەلی قەحتان عەبدولقادر/ بەکالوریۆس لە زانستەکانی کۆمپیوتەر)

یەکێکە لە بەشەکانی سەر بە نوسینگەی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران و ناسنامەی چونەژوورەوە بۆ ناوچەی سەوز دەردەکات بۆ هەریەک لە:

١- ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی ئێستاو خولەکانی ڕابوردوودا.

٢- پاسەوانانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی ئێستاو خولەکانی ڕابوردوودا.

## ڕێوشوێنی بەدەستهێنانی ناسنامەکانی ناوچەی سەوز

١- پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

٢- پێشکەشکردنی وێنەیەک لە بەڵگەنامەکان (ناسنامەی باری شارستانی، ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران، کارتی زانیاری نیشتەجێبون).

٣- دەستنیشانکردنی وادەیەک لەلایەن هۆبەی ناسنامەکانی ناوچەی سەوزی سەر بە نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وێنەگرتن.

# خزمەتگوزاری دارایی

**بەڕێوەبەری گشتی (شوکری مەحمود جەبر/ بەکالۆریۆس لە بەڕێوەبردن وئابوری)**

فەرمانگـەی دارایـی بەپێـی ئـەو ئەرکانـەی کـە بـە بەشـەکانی سـپێردراون کاردەکات بـۆ دارِشـتن و بەدواداچوونـی سیاسـەتی دارایـی لـە ئەنجومەنـی نوێنـەران لەرێگـەی جێبەجێکردنـی رێوشـوێنەکانی خەرجکـردن و پابەندبونـە داراییەکانـەوە، بەجۆرێـك کـە کارەکانـی ئەنجومـەن و لیژنـەو دامەزراوەکانـی بـە رەوانـی بەرێوەبچـن، بـە پشـت بەسـتن بەرێنماییـە کارپێکـراوەکان و بنەماکانـی ژمێریـاری پەیرەوکـراو بەپێـی رێوشـوێنە دیاریکـراوەکان لـەم بـوارەداو رێنمایـی جێبەجێکردنـی بودجـەی گشـتی عێـراق کـە چوارچێـوەی گشـتی بـۆ ئـەو سـتراتیژیەتە دادەنێـت، لەگـەڵ دووپاتکردنـەوەی سـودوەرگرتنی تـەواو لـە دەرماڵـەی دارایـی تەرخانکـراو بـۆ بەردەوامیـدان بـەکارو بنیاتنـان و پەرەپێـدان، فەرمانگـەی دارایـی دەکەوێتـە ئـەو بینایـەی کـە لـەدەرەوەی باڵەخانـەی کۆشـکی کۆنگرەکانەوەیـە.

## خزمەتگوزاریەکان

### ١. مووچە

ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنـەران مـاف وئیمتیازاتـی وەزیـری هەیـە، فەرمانگـەی دارایـی بەپێـی یاسـاکان مشـوری پێدانـی موچـەو رێکخسـتنی خەرجیەکانیـان دەخـوات، هـاوکات لەگـەڵ سـوێندی دەسـتوری و دەسـتبەکاربونی ئەرکـە دەسـتوریەکانی پەرلەمانتـار، مافـی وەرگرتنـی موچـەی مانگانـەی دەبێـت، لەرێـگای بانقـی عێراقـی بـۆ بازرگانـی راسـتەوخۆ لەنـاو حیسـابی تایبەتـی پەرلەمانتـاردا دادەنرێـت، وادەی خەرجکردنـی موچـە رۆژی (٢٥) هەمـو مانگێـك دەبێـت، بۆیـە پێویسـتە هـەر پەرلەمانتارێـك حسـابێکی -جـاری- یـان پاشـەکەوت -تەوفیـر- بـە دینـار لـە بانقـی عێراقـی بـۆ بازرگانـی/ لقـی ئەنجومەنـی نوێنـەران بکاتـەوە، تـا موچـەی مانگانـەی و مافـە داراییەکانـی تـری لـەو بانقـە وەربگرێـت و پێویسـتە ژمـارەی حیسـابەکەی بـدات بـە فەرمانگـەی دارایـی/ بەشـی موچـە، هـاوکات

پەرلەمانتـــار بەپێــی وەکالەتێکــی تایبــەت لــە دادنوســەوە دەتوانێــت نوێنەرێکــی خــوی دەستنیشــان بــکات بــۆ وەرگرتنــی هــەر بــڕە پارەیــەك، هەروەهــا بــۆی هەیــە ئەگــەر ئارەزووبــکات بــۆ کاروبــاری تایبەتــی خــۆی و ئاســانکاری کارە داراییەکانــی حســابێکی تــر بــەدۆلار بکاتــەوە، لەکاتێکــدا گــەر لەووەپێــش پەرلەمانتارەکــە فەرمانبــەر بووبــێ ئــەوا دەبێــت بەڵگەنامــەی پەســەندکراوی دوا مووچــەی ئاراســتەی (ئەنجومەنــی نوێنــەران/ فەرمانگــەی کاروبــاری دارایــی بــکات).

## ٢. بڕینی خانەنشینی وباج

هــەر کاتێــك پەرلەمانتــار ســوێندی دەســتوری خــوارد، ئــەوا ڕاســتەوخۆ ڕۆژی دواتــر دەبێتــە ئەنــدام لــە ســندوقی خانەنشــین و ڕێــژەی (١٠%) ی موچــەی بنەڕەتــی بــۆ ســندوقی خانەنشـــین دەبڕدرێـــت، هـــاوکات بـــڕی باجـــی داهـــات و بەپێـــی بـــاری کۆمەڵایەتـــی و ژمــارەی منداڵەکانــی دەبڕدرێــت، ســەرەڕای بڕینــی بــڕە پــارەی چاودێــری کۆمەڵایەتــی.

## ٣. کرێی نیشتەجێبون

ئەندامــی ئەنجومەنــی نوێنــەران لــە دوای ســوێندی دەســتوری مافــی خۆیەتــی بــڕی کرێــی خانــوو وەربگرێــت بەپێــی ئــەو ڕێنمایــی و مەرجانــەی خــوارەوە:

أ- ئاراســتەکردنی نوســراوێك بــۆ ئەمینــداری گشــتی ئەنجومــەن تیایــدا داوا دەکات لەســەر ئەرکــی ئەنجومەنــی نوێنــەران خانــوی بــۆ دابیــن بکرێــت.

ب- هەمــوو ئــەو پەرلەمانتارانــەی کــە خانوویــان لەشــاری بەغــدا نیــە مافیــان هەیــە داوا بکــەن خانویــان بــۆ بگیرێــت.

ت- پێشکەشــکردنی قەواڵــەی نوێــی موڵکایەتــی ئــەو ســاڵە، تێیــدا ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــە ئــەو موڵکــە خانــوی نیشــتەجێبونە.

ج- پێویســتە پەرلەمانتــار گرێبەســتی بەکرێگرتنــی خانویــەك پێشــکەش بــکات کــە خــۆی و خــاوەن خانوەکــە (یــان بریــکارە یاســاییەکەی) و دوو شــایەت واژۆیــان لەســەر

کردبێت و لەلایەن نوسینگەیەکی یاسایی ڕێگەپێدراوەوە.

ح- کرێی نیشتەجێبون لەلایەن خاوەن خانوەکە یان بریکارەکەیەوە وەردەگیرێت بەمەرجێك بریکارەکەی وەکالەتێکی فەرمی کارپێکراوی هەبێت.

## ٤. تێچوونی گەشتکردن و شاندن

هەر پەرلەمانتارێك مافی خەرجی گەشتکردن و شاندنی بۆ دەرەوەی وڵات هەیەو بەپێی یاسای دەرماڵەی گەشتکردن و شاندن ژمارە (٢٨) ی ساڵی ١٩٨٠، چەند مافێکی تایبەتی هەیەو دوای گەڕانەوەی پێویستە فۆرمی شاندن لە فەرمانگەی دارایی لەماوەی ٣٠ ڕۆژ پاش گەڕانەوەو دەستبەکاربونی و تەواوبونی ماوەی گەشتەکە پێشکەش بکات، گەرهاتوو لەو ماوەیە دواکەوت، ئەوا بڕەپارەکە دادەشکێ بەپێی ئەو دوو ڕێژەی کە لە خاڵەکانی (أ) و (ب) ی خوارەوە باسکراوە:

أ- ڕێژەی (١٠%) کەمدەکرێتەوە گەر فۆرمەکە پاش (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری تەواوبونی ماوەی شاندن (دەست بەکاربوون) پێشکەش بکرێت.

ب- ڕێژەی (٢٠%) کەمدەکرێتەوە گەر فۆرمەکە پاش (٩٠) ڕۆژ لە بەرواری تەواوبونی گەشتەکە (دەست بەکاربوون) پێشکەش بکرێت.

ت- ئەگەر فۆرمەکە پاش (١٨٠) ڕۆژ لە بەرواری تەواوبوونی گەشتەکە پێشکەشکرا ئەوا بڕی پارەی فۆرمەکە خەرج ناکرێت.

ث- دوای پەسەندکردنی دیوانی چاودێری دارایی فیدرالی لەسەر فۆرمەکە پارەکە خەرج دەکرێت.

## ٥. کڕینی پێداویستیەکان

پێداویستیەکانی لیژنەو فەرمانگەکانی ئەنجومەن لەڕێگەی لیژنەی کڕینی کەلوپەلەکانی سەر بە بەشی کڕین لە فەرمانگەی دارایی دابین دەکرێت و هیچ کەلوپەلێك یان ئامێرێکی کارەبایی یان ئەلیکترۆنی ناگۆڕدرێت تا بەتەواوەتی لە

کاردەکەوێــت و نەتوانرێــت چاکبکرێتــەوە.

هەروەهــا فەرمانگــە هەمــوو پێداویســتیەکانی نوســینەمەنی تایبــەت بــەکاری لیژنــەو فەرمانگــەکان دابینــدەکات بەپێــی میکانیزمێــك کــە پشــت بــە قەبــارەی بەکارهێنانــی هــەر لیژنــەو فەرمانگەیــەك دەبەســتێت.

## بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگە

**ژمارەی مۆبایل:** ٠٧٩٠١١٧٥٤١٣

# خزمەتگوزاری یاسایی

**بەڕێوەبەری گشتی (د. سەباح جومعە باوی/ دکتوراە لە فەلسەفەی یاسا)**

## خزمەتگوزاریەکان

١- نوێنەراتیکردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی و هەر دادگایەکی تر بەهەر پلەو جۆرێك بێت وەکو سکاڵاکەرو سکاڵالێکراو.

٢- پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی بۆ ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەن و دەستەو فەرمانگەکانی.

٣- ئامادەکردن و ڕێکخستن و پەسەندکردنی گرێبەستی تاکەکەسی و گرێبەستی نیشتەجێبون، لەوانە گرێبەستی پاسەوانانی پەرلەمانتاران بەپێی یاسای کۆمەڵەی نیشتمانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥، و فەرمانە پەرلەمانیەکانی پەیوەست بەو بابەتەوە.

٤- بەدواداچوونی ڕێوشوێنی کرین و بەکرێگرتنی خانوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە هەمو پارێزگاکاندا و نوێکردنەوەی پێگە یاساییەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام.

٥- بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادنوسی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردنی هەمو گرێبەست و بەڵێن وکەفالەتەکانی ئەنجومەن یان پەرلەمانتاران یان فەرمانبەرانی بەپێی یاسای دادنوسەکان ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨.

## ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ پاسەوانە کەسایەتیەکان

هەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی خۆیەتی داوای پاسەوانی تایبەتی بکات و ئەنجومەنی نوێنەران (١٦) پاسەوان لەسەر خەرجی خۆی بۆی دابیندەکات، ئەویش بەپێی ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

١- مەرجە پاسەوان بەڕەگەزنامە عێراقی بێت و تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە پاسەوان خاوەن ڕەفتارو ڕەوشتی باش بێت و بەهێچ تاوانێکی نا سیاسی یا ئابرِوبەر سزا نەدرابێت.

٣- پێویستە لەڕوی تەندروستیەوە گونجاو بێت.

٤- پێویستە پەرلەمانتار فۆرمی داواکاری تایبەت بەگرێبەست کردن واژۆ بکات، دەتوانێت فۆرمەکە لە فەرمانگەی یاسایی لەبارەگای ئەنجومەنی نوێنەران و نوسینگەکانی پەرلەمان لە پارێزگاکان بەدەست بێنێت، پێویستە ناوی پاسەوانە تایبەتەکانی تێدا تۆمار بکات لەگەڵ ئاماژەکردن بە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

٥- دەبێت پاسەوان خۆی ئیمزا لەسەر گرێبەستەکە بکات یان لەڕێگەی بریکارەکەیەوە واژو بکات بەمەرجێك وەکالەتێکی یاسایی پەسەندکراوی دادنوسی پێبێت.

٦- هەر گرێبەستێك لە بەرواری واژووکردنی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاساییەوە بەفەرمی کارا دەبێت، نەك لەبەرواری ئیمزاکردنی پاسەوانەکەوە.

## بەکرێگرتنی خانوو

دوای تەواوکردنی ڕێوشوێنی تایبەت بە کرێگرتنی خانوو لە شاری بەغدا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، فەرمانگەی یاسایی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١- گرێبەستەکە لە فەرمانگەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران بەئامادەبونی خاوەن خانوەکە ڕێکدەخرێت و پێویستە بەڵگەنامەکانی خۆناساندن و قەواڵەی نوێی موڵکایەتی ئەو ساڵە بخاتە ڕوو، هەروەها دەبێت خاوەن خانو بۆ خۆی گرێبەستەکە ئیمزا بکات یان لەڕێگەی بریکاری یاسایی خۆی بەمەرجێك وەکالەتێکی یاسایی پەسەندکراوی دادنوسی پێبێت.

٢- گرێبەستی بەکرێدان لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکاریەکە کاری پێدەکرێت و گوێنادرێت بەهیچ ماوەیەکی پێشتر و کار ناکرێت بەداوای ئیمزاکردنی گرێبەست

لەماوەی ڕابردوو یان خەرجکردنی بڕە پارەی کرێی پێش بەرواری پێشکەشکردنی داوای بەکرێدان و تەواوکردنی ڕێوشوێنە یاساییەکان.

٣- ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە لەهەر کاتێکدا داوا بکات گرێبەستەکە هەڵوەشێندرێتەوەو خانویەکی تر بەکرێ بگرێت.

## بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگە


ئیمێل: legal.directorate@outlook.com

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٨٢١٢١٢١٤٥

# خزمەتگوزاریە کارگێڕیەکان

## بەڕێوەبەری گشتی (د. فەلاح مەترود عەبودی/دکتۆرا لە یاسای گشتی)

فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی بەهۆی سروشتی ڕۆڵ و ئەرکەکانیەوە یەکێکە لە گرنگترین فەرمانگەکان، بەهۆی ئەوەی کار لەسەر فەرمانبەر دەکات کە بەبەهاترین وکاریگەرترین سامانی هەر فەرمانگەیەك دادەنرێت و بڕبڕەی پشتی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێکدێنێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرکەوتو بۆ توانا مرۆییەکان دەبێتە مایەی باشترکردنی شێوازی کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکان، هەروەها دەتوانرێت باشترین بەرهەم لە کارکردندا بەدەست بهێندرێت و باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت لەڕێگەی جێبەجێکردنی چەند ڕێوشوێن ورێنمایی تایبەت بە ڕاکێشان وهەڵبژاردنی فەرمانبەران ودامەزراندنیان و هەڵسەنگاندنی کاریان و هاندانی چالاکی وپەرەپێدانی تواناکانیان و هەموو ئەو بوارانەی پەیوەستن بە کاروبارەکانیانەوە لەکاتی دامەزراندنیانەوە تا کۆتاییهاتنی ڕاژەکانیان بەمەبەستی بەکارخستنی زۆرترین تونای هەر کارمەندێك کە زۆرترین لێهاتووییمان دەست بکەوێت.

## خزمەتگوزاریەکان

١- ڕاییکردنی مامەڵەی خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ خولی ڕابردوو

* دەرکردنی فەرمانێکی پەرلەمانی تایبەت بە کۆتاییهاتنی کارەکانی خولی چوارەمی هەڵبژاردن بەپێی مادەی (١٣/یەکەم) ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ و ناردنی بۆ دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ دەرکردنی مەرسومێکی کۆماری تایبەت بە خانەنشینکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی خولی ناوبراو، بەپێی مادەی (٧٣/حەوتەم) ی دەستورومادەی (١٣/یەکەم) ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٨.

* دەرکردنی بڕیارێك بۆ جێگیرکردنی تەمەنی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەن کە خانەنشین دەیانگرێتەوە.

* ناردنی نوسراوێك بۆ دەستەی خانەنشینی نیشتمانی (ناوی پەرلەمانتار، بڕوانامەی خوێندن، بەرواری لەدایكبوون، بەرواری سوێندی دەستوری، وردەكاری موچە) تێدایە.

* دابینكردنی فۆڕمی ئەستۆپاكی دارایی كۆتایی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، بەمەبەستی هاوپێچكردنی وەصلی ئەستۆپاكی دارایی كۆتایی لەگەڵ مامەڵەی خانەنشینبون و ناردنی فەرمانی پەرلەمانی بۆ سەرۆكایەتی كۆمار بەمەبەستی بەڕێوەبردنی مامەڵەی خانەنشینكردنی ئەو پەرلەمانتارانەی دەیانەوێت مافی خانەنشینیان پێبدرێت.

* داوای خزمەتی پێشوی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لایەنە پەیوەندیدارەكان دەكات بۆ ئەوەی بخرێتە سەر خزمەتی پەرلەمانیەكەی.

* ئاراستەكردنی نوسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ گێڕانەوەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ سەر كاری پێشویان، بەپێی مادەكانی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١١.

* وەرگرتنەوەی مۆری تایبەتی ئەندامانی پێشوی ئەنجومەن و ئیمزاكردنی فۆڕمی ئەستۆپاكی.

٢- ئەركەكانی تایبەت بە خولی هەڵبژاردنی نوێ

* ئاراستەكردنی نوسراوێك بۆ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بەمەبەستی ناردنی لیستی ناوی پاڵێوراوە سەركەوتوەكانی خولی هەڵبژاردنی نوێ بۆ فەرمانگەی كاروباری كارگێڕی/بەشی كاروباری ئەندامان، دوای پەسەندكردنی دادگای باڵای فیدرالی، بەمەبەستی تۆماركردنی لە داتای زانیاریەكاندا.

* ئاراستەكردنی نوسراوێك بۆ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بەمەبەستی ناردنی لیستی ناوی پاڵێوراوانی خولی هەڵبژاردنی نوێ بۆ فەرمانگەی كاروباری كارگێڕی/ بەشی كاروباری ئەندامان، تێیدا زانیاری (پارتی سیاسی و هاوپەیمانێتیەكان، پارێزگاو بازنەی هەڵبژاردن، بەرواری لەدایكبون، بڕوانامەی خوێندن، ژمارەی دەنگەكان) بخرێنە ڕوو، بەمەبەستی بەكارهێنانیان لە خانەی پەرلەمانتارە یەدەگەكاندا.

* ئامادەکردنــی لیســتی تایبــەت بــە وادەی ئەنجامدانــی ســوێندی دەســتوری ئەندامانــی نــوێ لــە یەکــەم دانیشــتنی خولــی نوێــدا، تیایــدا (نــاوی پەرلەمانتــار، ئیمــزا، بــەروار) دیــاری دەکرێــت، هەروەهــا تۆمارکردنــی ژمــارەی دەنگەکانــی ســەرۆکی ئەنجومــەن و دوو جێگرەکــەی بــە جیــا.

* دەرکردنــی فەرمانێکــی پەرلەمانــی لــە بــەرواری ئەنجامدانــی ســوێندی دەســتوری و ناردنــی بــۆ ســەرۆکایەتی کۆمــار بەمەبەســتی دەرکردنــی مەرســومێکی کۆمــاری تایبــەت بــە ئەنجامدانــی ســوێندی دەســتوری بــە پشتبەســتن بــە یاســای ئەنجومەنــی نوێنــەران ژمــارە (١٣) ی ســاڵی ٢٠١٨.

* تۆمارکردنــی زانیاریەکانــی لــە کۆمســیۆنی بــاڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنــەکان بەدەســتمان گەیشــتوە لــە بەرنامــەی ئەلیکترۆنیــدا، ســەرەڕای ئــەو زانیاریانــەی لــە ئەندامانــی ئەنجومــەن وەرگیــراون (تەمــەن بــەڕۆژو مانــگ و ســاڵەوە، شــوێنی دانیشــتن، بڕوانامــەی خوێنــدن).

* دابینکردنــی فۆڕمــی ئاشــکراکردنی ئەســتۆپاکی دارایــی بــۆ ئەندامانــی ئەنجومــەن دوای ئەنجامدانــی ســوێندی دەســتوری و بەدواداچوونــی لەگــەڵ دەســتەی دەســتپاکی.

* دابەشــکردنی کلیلــی ســندوقەکانی پۆســتەی ئەندامانــی ئەنجومــەن بەپێــی ژمــارەی زنجیرەیــی.

* وەرگرتنــی وێنەیــەك لــە بەڵگەنامەکانــی تاکەکەســی ئەندامانــی ئەنجومــەن (کارتــی نیشــتمانی، ناســنامەی بــاری شارســتانی، کارتــی زانیــاری) لەگــەڵ ژمــارەی تەلەفــۆن و ناونیشــانی ئیمەیلــی ئەلیکترۆنــی.

* دابەشــکردنی فۆڕمــەی نمونــەی ئیمــزا، بەمەبەســتی دابەشــکردنی مۆرەکانــی تایبــەت بەئەندامــەکان.

* ناردنــی نوســراوێك بــۆ وەزارەتــی دەرەوە بەمەبەســتی دەرکردنــی پاســپۆرتی دبلۆماســی بــۆ ئەندامانــی ئەنجومــەن وخانەوادەکانیــان.

* ئاراســتەکردنی نوســراو بــۆ لایەنــە پەیوەندیــدارەکان تیایــدا ئامــاژە بــە بــەرواری دەســتبەکاربونی ئەندامانــی ئەنجومــەن دەکرێــت بەمەبەســتی ڕەوانەکردنــی بەڵگــەی دوایــن موچــەو ئەســتۆپاکیان لــە کاری پێشــویان پێــش ئەنجامدانــی ســوێندی دەســتوری

و دەستبەکاربونیان وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

* داوا لە دەستەی خانەنشینی نیشتمانی دەکات موچەی خانەنشینی ئەندامی ئەنجومەن لە کاتی هەبونیدا ڕابگرێت.

* ئامادەکردنی دۆسیەی ئەلیکترۆنی و پەڕەیی تایبەت بە ئەندامە نوێیەکانی ئەنجومەن ودانانی نوسراوی (دەرکردەو هاوردە)ی خۆیان لەناویدا.

* دابەشکردنی پۆستەی دەرکردەو هاوردە لەسەر سندوقەکانی ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی ناونیشانەکان.

* ئاراستەکردنی نوسراوو داواکاری بۆ فەرمانگەو دامودەزگاکانی دەوڵەت بەپێی داوای ئەندامانی ئەنجومەن.

* تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەندامانی ئەنجومەن.

٣- سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کەرەڤانەکانی پاسەوانانی ئەنجومەنی نوێنەران لەڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەش لەگەڵ هەردوو بەشی ئاسایش وکاروباری پەرلەمانی.

٤- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەڕێگەی بنکەی تەندروستی، تەنانەت لەکاتی بەستنی دانیشتنەکانی ئێوارانیشدا، هەروەها ڕەوانەکردنی حاڵەتە ئاڵۆزەکان بۆ نەخۆشخانەی تایبەتمەندی گونجاو.

## بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگە

ئیمێل: administration.m@parlament.iq

# خزمەتگوزاری پەیوەندیە گشتیەکان و ڕێوڕەسمە پەرلەمانیەکان

**بەڕێوەبەری گشتی (سەلام عەلی محمد/ دکتۆرا لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان)**

ئەرکی فەرمانگەی پەیوەندیە گشتیەکان و ڕێوڕەسمە پەرلەمانیەکان بریتیە لەناساندنی پەرلەمان بەتازەترین پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی هەر چالاکیەکی تایبەت بە پەیوەندیە گشتیەکان و ڕێوڕەسمەکان و وەرگێڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران.

## خزمەتگوزاریەکان:

١- دابینکردنی هۆڵەکان: باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران (٥) هۆڵی سەرەکی لەخۆ دەگرێت بۆ بەستنی کۆبونەوەو ئەنجامدانی هەمو جۆرە چالاکیەکی پێویست بۆ کاری لیژنە پەرلەمانیەکان کە بریتین لە:

* هۆڵی دەستوری: شوێنی (٢٧) کەسی تێدا دەبێتەوەو دەکەوێتە نهۆمی یەکەم لە کۆتایی ئەو ڕاڕەوەی بەرەو هۆڵی گەورە دەچێت، ئەو هۆڵە تایبەتە بە کۆبونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، هەروەها کۆبونەوەی لیژنەکان لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکاندا.



* هۆڵـی شـێخ محمـد رزا شـبیبی: دەکەوێتـە نهۆمـی زەمینـی باڵەخانـەی ئەنجومـەن و (١٠٠) کـەس دەگرێـت و کۆنگـرەی بچـوك و سـمینارو کـۆڕو هەندێـك وۆرکشـۆپ و خولـی ڕاهێنانـی تێـدا سـاز دەکرێـت.



* هۆڵـی گـەورە: ئـەم هۆڵـە (٢٠٠٠) کـەس دەگرێـت و تایبەتـە بـە ئاهەنگـی گـەورەو دانیشـتنەکانی ئەنجومەنـی نوێنـەران، لەسـەرەتای هەمـو خولێکـی هەڵبژاردنـدا دانیشـتنی یەکەمـی ئەنجومەنـی نوێنـەران و دانیشـتنی پێکهێنانـی حکومەتـی تێـدا دەبەسـترێت، دەکەوێتـە لای ڕاسـتی دەروازەی پێشـەوە بـەرەو کافتریـای ئەندامانـی ئەنجومـەن.



* هۆڵـی ژمـاره (٣): شـوێنی دانیشـتنی (٥٠) کەسـی تێـدا دەبێتـەوەو دەکەوێتـە نهۆمـی یەکـەم و ڕاسـتەوخۆ دەکەوێتـە سـەرەوەی هۆڵـی شـێخ محمـد رزا شـبیبی، ئـەم هۆڵـە بـۆ کۆبونەوەکانـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن لەگـەڵ لیژنـەو فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان بەکاردێـت.

* هۆڵـی دانیشـتنەکان ژمـارە (٤): (٣٢٩) کـەس دەگرێـت و دەکەوێتـە کۆتایـی کافتریـای ئەنجومەنـی نوێنەرانـەوە، ئـەم هۆڵـە تایبەتمەنـدە بـە بەسـتنی دانیشـتنە گشـتیەکان و سـەکۆی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن لەناوەڕاسـتدایەو سـەکۆی لیژنـەکان دەکەوێتـە لای ڕاسـت، سـەکۆی خوێندنـەوەی بەیاننامـەو وتـارو خوێندنـەوەی قورئـان دەکەوێتـە لای چەپـی، بـەڵام سـەکۆی بڕیاردەرانـی ئەنجومـەن دەکەوێتـە لای پێشـەوەی، هـەروەك لـەلای ڕاسـت و چەپـەوە کورسـی پەرلەمانتـاران و سـەرۆکی دیـوان و راوێـژکارو بەڕێوەبـەرە گشـتیەکان هـەن.



* کافتریای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران: دەکەوێتە تەنیشت هۆڵی دانیشتنەکان (هۆڵی ژمارە ٤)، بۆ دانیشتن و پشودانی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بەکاردێت، فەرمانگەی پەیوەندیەکانی گشتی و ڕێورەسمە پەرلەمانیەکان سەرپەرشتی دابینکردنی پێداویستیەکانی میوانداری دەکات.



* شوێنی نوێژکردن: شوێنی نوێژکردنی پیاوان دەکەوێتە پشتەوەی پەیمانگای پەرەپێدانی پەرلەمانی بەرامبەر بەشی دیکۆمێنتەکان لە نهۆمی زەمینی، و شوێنی نوێژکردنی ئافرەتان دەکەوێتە بەرامبەر کافتریای پەرلەمانتاران لە نهۆمی یەکەم لەلای قادرمەی سەرەکیەوە.

١- چۆنیەتی گرتن و دابینکردنی هۆڵەکان

أ- پێشکەشکردنی نوسراوێك لەلایەن پەرلەمانتار یان لیژنەوە بۆ فەرمانگە.

ب- پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە کە نمونەکەی لە فەرمانگە دەستدەکەوێت.

ت- پێشکەشکردنی لیستێکی پەسەندکراوی ناوی ئامادەبوان.

ث- پێشکەشکردنی لیستێکی پەسەندکراو سەبارەت بەو کەلوپەلانەی کە دەبرێنە ناو هۆڵەکە.

٢- گرتنی ڕاڕەوی زەمینی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەنجامدانی چالاکیە جۆراو جۆرەکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نوسراوێکی فەرمی کە دەبێت ئەمینداری گشتی واژوی لەسەر کردبێت و پێویستە بەڵگەنامە تایبەتەکان سەبارەت بە ناوەڕۆکی چالاکیەکە لەگەڵ نوسراوەکە پێشکەش بکەن.

٣- ڕێکخستنی چالاکی جۆراوجۆری وەکو (بەستنی کۆنگرەکان، بەستنی سمینارەکان، ڕێکخستنی ئاهەنگەکان) بە چەند هەنگاوێك دەبێت:

أ- پێشکەشکردنی داوایەکی نوسراو بۆ ئەمینداری گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی.

ب- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە چالاکیەکەو ئامادەبوان.

ج- لیستێکی پەسەندکراو سەبارەت کەلوپەلەکان.

٤- پێشوازیکردن لە میوانان وەك کەسایەتیە گەورەکان (VIP) و گەیاندنیان بۆ شوێنی مەبەست لە باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران، لەڕێگەی پێشکەشکردنی نوسراوێك بۆ فەرمانگە پێش (٤٨) کاتژمێر لە وادەی ئامادەبون.

٥- دابینکردنی ئاڵای عێراق بۆ لیژنەو فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان لەڕێگەی پێشکەشکردنی نوسراوێك بۆ فەرمانگە لەلایەن سەرۆکی لیژنە یان فراکسیۆنی پەرلەمانیەوە.

٦- پێشکەشکردنی بروسکەی سەرەخۆشی یان پیرۆزبایی بە ئیمزای سەرۆکایەتی ئەنجومەن یان ئەمینداری گشتی لە بۆنە نیشتمانیەکانی وڵاتانی جیهان و لە کاتی ڕودانی کارەساتی سروشتیدا.

٧- فەرمانگە خزمەتگوزاری گرتنی هۆتێل (گرتنی ژوور، گرتنی هۆڵ لە هۆتێلە گەورەکان) دابین دەکات دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەمینداری گشتی ئەنجومەن لەسەر داواکاری پێشکەشکراو و بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٨- بەدەستهێنانی ڤیزا بۆ شاندە فەرمیەکان و ئەوانەی سەردانی ئەنجومەن دەکەن، دوای پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکی لیژنە یان فراکسیۆنی پەرلەمانی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی فەرمی.

٩- پێشوازیکردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە هۆڵی شەرەفی سەر بە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا و بەڕێکردنیان بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان، لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی بە نوسینگەی تەشریفاتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا لەسەر ژمارە ٠٧٨١١١١٤٨٦٩٨

١٠- دابینکردنی بلێتی گەشتکردن لە کۆمپانیای هێلی ئاسمانی عێرا ق ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نوسینگەی (G٣) کە دەکەوێتە بەهۆی نهۆمی زەمینی باڵەخانەی ئەنجومەن.

١١- بەدەستهێنانی ڤیزا بۆ پەرلەمانتاران بەمەبەستی بەشداریکردن لە شاندنە فەرمیەکاندا، هەروەها بەدەستهێنانی ڤیزا بۆ خۆیان و کەسوکاریان لە هەڵگرانی پاسپۆرتی دبلوماسی ((D بەو شێوەیەی خوارەوە:

أ- لە کاتی بەشداربون لە شاندنی فەرمیدا، پەرلەمانتار لە دوای دەرچونی فەرمانی پەرلەمانی، نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی فەرمانگە دەکات بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڤیزا، پێویستە وێنەیەك لەو داوەتنامەی کە بۆی ئاراستەکراوە بداتە فەرمانگە بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێوشوێنەکان.

ب- لە کاتی داواکردنی پەرلەمانتار ڤیزای وڵاتێکی دیاریکراو بۆ خۆی و خێزانەکەی کە خاوەنی پاسپۆرتی دبلۆماسین بەدەست بهێندرێت، پێویستە داواکاریەك پێشکەشی فەرمانگە بکات بۆ بەدەستهێنانی ڤیزای تایبەت، تێیدا ناوی وڵاتەکە دیاریدەکات لەگەڵ پێدانی وێنەیەك لە پاسپۆرتەکان.

١٢- فەرمانگە بلێتی گەشتکردن و دابینکردنی میوانخانەو دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە دەرەوەی وڵات لە کاتی شاندنە فەرمیەکاندا لە ئەستۆ دەگرێت، دوای پێشکەشکردنی نوسراوێك بۆ فەرمانگە.

١٣- ڕاسپاردنی فەرمانبەرێك بۆ یاوەریکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لە شاندە

فەرمیەکان لە کۆنگرەو دیدارە جیهانیەکاندا، بەمەبەستی دابینکردنی زانیاری پێویست و دیکۆمێنتکردنی کۆبونەوەکان و دابینکردنی دیدارو پێشوازیکردن و بەڕێکردن و شوێنی حەوانەوەو پێشکەشکردنی هەمو ئاسانکاریەکی پێویست لەکاتی گەشتەکەدا.

١٤- پێشکەشکردنی زانیاری و دیکۆمێنت سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی وڵاتانی جیهان و عەرەبی بە لیژنەو فراکسیۆنەکان، هەروەها سی ڤی و ڕێکەوتنە دوو قۆڵیەکان و هەموو زانیاریەکی پێویست سەبارەت بە پەرلەمانی وڵاتان و لیژنەکانی دۆستایەتی و نێردە بیانیەکان لە عێراق و باڵیۆزخانەکانی ئێمە لە دەرەوە، هەروەها ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە پەرلەمان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانداو نوسینی ڕاپۆرتەکان و ئامادەکردنی کۆبونەوەو نوسراوەکانی هەڵوێستی پەرلەمانی و دابینکردنی بەشداریکردن لە کۆنگرەو دیدارە جیهانی و عەرەبییەکاندا، لەڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاریەك لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەن یان لیژنە پەرلەمانیەکان بە فەرمانگە تیایدا جۆری زانیاری پێویست دەستنیشان دەکرێت ( وڵات یان ڕێکخراو یا ڕێکەوتنامە یان ژمارەی تەلەفۆن یان ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنی و هەر زانیاریەکی ترو جۆری ڕێکەوتنامە).

١٥- فەرمانگە خزمەتی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆو بەرودوا بۆ لیژنەو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دابیندەکات، لەڕێگەی پێشکەشکردنی نوسراوێك لەلایەن لیژنە یان فراکسیۆنەوە پێش (٤٨) کاتژمێر لە وادەی دیدارەکە، لەگەڵ دابینکردنی وەرگێڕانی نوسراو بۆ لیژنەکان بە نوسراوێکی فەرمی لەلایەن لیژنە بۆ فەرمانگە، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان بەمەبەستی وەرگێڕانیان (بەڵگەنامەو نوسراوی تایبەت بە سروشتی کارکردنی لیژنەکان).

## پەیوەندی کردن بە فەرمانگە

ئیمێل: protocol.icor@yahoo.com

ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ٢٤٨٨

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٨٠٩٢٩٥٤٥٤

ژمارەی تەلەفۆنی نوسینگەی تەشریفاتی فرۆکەخانە: ٠٧٨١١١٤٨٦٩٨

ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆی نوسینگەی (G3): ٢٥٠٩

# خزمەتگوزاریەكانی تەكنولۆژیاو پەیوەندیەكان

**بەڕێوەبەری گشتی (ماجید خوزر ئەحمەد/ بەكالۆریۆس لە ئەندازیاری ئەلیكترۆنیك و پەیوەندیەكان)**

فەرمانگەی تەنكولۆژیای زانیاری و پەیوەندیەكان بەپێی ئەو كارو ئەركانەی بەبەشەكانی سپێردراون، كاردەكات بۆ دارشتنی سیاسەتی بەكارهێنانی تەكنولۆژیای زانیاری و پەیوەندیەكان لەئەنجومەنی نوێنەرانداو پێشكەشكردنی ئاسانكاری پێویست بۆ كاری ئەنجومەن لەڕێگەی دابینكردنی سیستەم و بەرنامەی پێویستەوە، هەروەها گرتنەبەری پێوەرەكانی شەفافیەت لە خستنە بەردەستی زانیاریەكان و بەهێزكردنی ڕۆڵی ئەنجومەن لە نوێنەرایەتیكردنی دەنگدەران و بەردەوامبونی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتیان و پەرلەمانتاران و بارەگاكەی دەكەوێتە نهۆمی دووەمی باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

## خزمەتگوزاریەكان

١- دابینكردنی هێلی تەلەفۆنی زێن بۆ ئەندامانی ئەنجومەن كە دەتوانێت بەبێ بەرامبەر پەیوەندی بە هێلەكانی ناوخۆی هەموو تۆڕەكان بكات جگە لەنامەو وخزمەتگوزاریەكانی تر، هەروەها دابینكردنی هێلی تەلەفۆنی ئاسیاسێل بۆ ئەندامانی ئەنجومەن كە دەتوانێت بەبێ بەرامبەر تەنها پەیوەندی بە هێلەكانی ناوخۆی تۆڕەكە بكات جگە لەنامەو وخزمەتگوزاریەكانی تر، پێویستە سەردانی بەشی پەیوەندیەكان بكرێت و فۆڕمی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە پڕ بكرێتەوە.

٢- داواكردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ مۆبایل و ئامێرە تابلۆییەكان لەڕێگەی سەردانی بەشی تۆڕەكان دەبێت بەكردنەوەی حیسابێك بەناوی بەكارهێنەرو پاسۆرد.

٣- دابینكردنی سیستەمی نمایشكردنی زانیاریەكان (Data Show) بۆ كۆبوونەوەو كۆنگرەكان و بەستنی بازنە تەلەفزیۆنیە داخراوەكان (Video Conference) لەلایەن بەشی تۆڕەكانەوە دوای پێشكەشكردنی داواكاریەك بۆ فەرمانگە بەلای كەمەوە پێش (٤٨) كاتژمێر.

٤- بڵاوكردنەوەی چالاكی ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن بەشی دەنگیەكان لەسەر

شاشـەکانی نمایشـکردن لـە کافیتریـاو کـۆلان و ڕاڕەوەکانـی ئەنجومـەن، دوای پێشکەشـکردنی داوایـەك بـۆ فەرمانگـە بـەو مەبەسـتە.

٥- ئامادەکـردن و بـە بەرنامەکردنـی کارتەکانـی سیسـتەمی دەنـگ و دەنگدانـی ئەلیکترۆنـی لەلایـەن بەشـی دەنگیـەکان بـۆ ئەندامانـی ئەنجومـەن، دوای پێشکەشکردنی داوایەکـی تایبـەت بـەو مەبەسـتە بـۆ فەرمانگـە.

٦- تۆمارکردنـی ئەنجامـی دەنگدانـی ئەلیکترۆنـی لەلایـەن بەشـی دەنگیـەکان دوای پێشکەشـکردنی داوایـەك بـۆ فەرمانگـە بـەو مەبەسـتەو پێویسـتە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی ئەنجومـەن و یەکێـك لـە جێگرەکانـی لەگەڵـدا بێـت.

٧- ئامادەکـردن و بەڕێوەبردنـی سیسـتەمی دەنـگ و وەرگێـڕان لـە هۆڵـداو لەکاتـی وۆرکشـۆپەکاندا لەلایـەن بەشـی دەنگیـەکان، دوای پێشکەشـکردنی داوایەکـی تایبـەت بـەو مەبەسـتە بـۆ فەرمانگـە.

٨- بەسـتنی کۆمپیوتـەرەکان لەچوارچێـوەی ژینگـەی (Domain)، دابینکردنـی ڕووبەرێـك لەسـەر سـێرڤەرە ناوەندیـەکان و دروسـتکردنی دۆسـیەی هاوبـەش لەلایـەن بەشـی کۆنترۆڵـەوە دوای سـەردانی کارمەنـدی لیژنـە یـان فراکسـیۆن بـۆ ئـەو بەشـە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی خشـتەیەك بـۆ زانیاریـەکان (داتابەیـس) و پێدانـی نـاوی بەکارهینـەرو پاسـوێرد.

٩- دابەزاندنـی بەرنامـەی (Kaspersky) لەسـەر کۆمپیوتەرەکانـی بەکارهێنـەران لەلایـەن بەشـی کۆنترۆڵـەوە دوای سـەردانی کارمەنـدی لیژنـە یـان فراکسـیۆن بـۆ ئـەو بەشـە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی خشـتەیەك بـۆ زانیاریـەکان (داتابەیـس) و دابەزاندنـی بەرنامـەی پێویسـت لەسـەر کۆمپیوتەرەکـەی.

١٠- دامەزرانـدن و بەدیکۆمێنتکردنـی هەمـو بڕیارەکانـی ئەنجومەنـی وەزیـران و حکومەتـی ئینتیقالـی و بڕیارەکانـی ئەنجومەنـی حوکـم لەلایـەن بەشـی کۆنتـڕۆڵ و بەپێـی ئـەو نوێکردنـەوەی کـە لەلایـەن ئەمینداریەتـی گشـتی ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە نێـردراوە، دوای ئـەوەی فەرمانبـەری لیژنـە یـان فراکسـیۆن سـەردانی بـەش دەکات بـۆ دامەزراندنـی داتابەیـس، دواتـر نـاوی بەکارهێنـان و پاسـۆردی پێدەدرێـت.

١١- دامەزرانـدن و بەرنامەڕێژکـردن و نۆژەنکردنـەوەی کۆمپیوتـەرو کەلوپەلەکانـی لەلایـەن بەشـی نۆژەنکردنـەوەی کۆمپیوتـەر، دوای سـەردانی فەرمانبـەری لایەنـی پەیوەندیـدار بـۆ ئەنجامدانـی پشـکنین و کاری دامەزرانـدن و بەرنامەڕێژکـردن.

١٢- دامەزرانـدن و نۆژەنکردنـەوەی ئامێرەکانی کۆپیکـردن و چاپکـردن و سـکانەر لەڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ هۆبـەی کۆپیکـردن لـە بەشـی نۆژەنکردنـەوەی کۆمپیوتـەرەکان.

١٣- دابینکردنی هێلی تەلەفۆنی ناوخۆ (زەمینی) لەڕێگەی هۆبەی بەدالەوە.

## هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بە فەرمانگەوە

ئیمێل: it.directorate@parliament;iq

مۆبایل: ٠٧٧٠٤٤٤٨٨٨٠

بەشی پەیوەندییەکان/ ئیمێل: hassan.isam@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن: ٢٠٢٣

بەشی تۆڕەکان/ ئیمێل: ayad.alrubaiy@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن: ٢٥٢٥

بەشی دەنگیەکان/ ئیمێل: salwan.majead@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن: ٢٣٧٧

بەشی کۆنترۆڵ/ ئیمێل: control.icor@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن:٢٠٠٢

بەشی نۆژەنکردنەوەی کۆمپیوتەر/ ئیمێل: it.icor@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن:٢٤٧٧

هۆبەی بەداله/ ئیمێل:tele.cor@parliament.iq

ژمارەی تەلەفۆن:٢٠٠٠

# خزمەتگوزاری مەشق و پەرەپێدانی پەرلەمانی

## بەڕێوەبەری گشتی (سەعەد فەیاز مۆزان/ بەکالوریۆس لە ڕاگەیاندن)

پەیمانــگای پەرەپێدانــی پەرلەمانی تایبەتمەنــدە بە لێکۆڵینەوەو دانــان و جێبەجێکردنی میکانیــزم و ســتراتیژەکانی تایبــەت بــە پەرەپێدانــی کاری ئەندامانــی ئەنجومــەن و فەرمانبەرانــی، بەپێــی نوێترین شــێوەو شــێوازی پێوانەیــی بەجۆرێك کە ئاســتی تواناو باشــترکردنی جێبەجێکــردن مســۆگەر دەکات، ســەرەڕای کردنــەوەی خولــی تایبــەت بە پلەبــەرزی ئاســایی فەرمانبەرێتــی بــۆ کارمەنــدو فەرمانبەرانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران.

## خزمەتگوزاریەکان

١- لێکۆڵینــەوەی ســتراتیژو پلانــی ســاڵانەی لیژنــەو فەرمانگەکانــی ئەنجومــەن بــۆ پەرەپێدانــی کاری پەرلەمانتــاران و کارمەندانــی ئەنجومــەن و پێشکەشــکردنی پێشــنیاری پێویســت لــەو لایەنانــەوە پێــش پەســەندکردن، هەروەهــا پێشــنیارکردنی پەرەپێدانــی پەیکــەری کارگێــڕی و ڕێکخســتن و وەســفکردن و نوێکردنــەوەی کارو بەڵگەکانــی کارکــردن بەپێــی ڕێوشــوێنە پێوەریــەکان، ســەرەڕای پێشــنیارکردنی بابەتــەکان لــە بــواری پەرەپێدانــی دامەزراوەیــی بەهــاوکاری لەگــەڵ فەرمانگەکانــی ئەنجومــەن و نوســینگەکانی ڕاوێــژکاران.

٢- کردنــەوەی دەرگای هاوبەشــی و هاریــکاری لەگــەڵ ســەنتەرە نێودەوڵەتیەکانــی بــواری گەشــەپێدانی پەرلەمانــی و دەزگاکانــی پەرەپێدانــی تایبەتمەنــدو هەوڵــدان و هــاو وێنەکــردن لەگــەڵ کاری پەیمانــگا نیشــتیمانی و نێودەوڵەتیــەکان، هەروەهــا پێشــنیارکردنی بیرۆکــەی بەســتنی کارنامــەی لێکتێگەیشــتن لەگــەڵ ئــەو لایەنانــەدا.

٣- پێشــنیارکردنی بابەتــی بەســتنی یاداشــتنامەی لێکتێگەیشــتن لەگــەڵ دامــودەزگا حکومیــەکان و زانکــۆو ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی تایبەتمەنــد بەپێــی پێــوەری تایبــەت بــۆ ئــەو مەبەســتەو بەهــاوکاری لەگــەڵ فەرمانگــەو بەشــەکانی ئەنجومــەن و نوســینگە تایبەتمەندەکانــی ڕاوێــژکاران.

٤- باشترکردنی میکانیزم و ڕێوشوێنەکانی کارکردنی فەرمانگەکانی ئەنجومەن بەپێی نوێترین شێوازو تایبەتمەندی پێوانەیی بەجۆرێك کە پەرەپێدان و زیادکردنی توانای فەرمانبەران مسۆگەر بکات، بەهاوکاری لەگەڵ فەرمانگەو بەشەکانی ئەنجومەن و نوسینگە تایبەتمەندەکانی ڕاوێژکاران.

٥- بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پلانە ستراتیژیەکانی دووره مەودا، بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەو بەشەکانی ئەنجومەن و نوسینگە تایبەتمەندەکانی ڕاوێژکاران بەپێی دیدگاو پەیام و ئامانجەکانی ئەو نوسینگەو پێکهاتانە.

٦- بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی، بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەو بەشەکانی و نوسینگە تایبەتمەندەکانی ڕاوێژکاران بەپێی پێوەره کارپێکراوە پەرلەمانیەکان.

٧- کردنەوەی خول و وۆرکشۆپەکان بەپشتبەستن بەشارەزایی بەردەست لە ئەنجومەنی نوێنەران و بەهاوکاری لەگەڵ سەنتەرەکانی پەرەپێدانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە تایبەتمەندەکانی تر.

## هۆکاری پەیوەندیکردن بە پەیمانگاوە

ئیمەڵ: pdi@parliament.iq

# خزمەتگوزاری ڕاگەیاندن

## بەڕێوەبەری گشتی (محمد ئەبوبەکر/ بەکالوریۆس لە ئەدەبی ئینگلیزی)

فەرمانگەی ڕاگەیاندن ئەرکی دابینکردنی ڕۆماڵی ڕاگەیاندن بۆ کارو چالاکیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لیژنەکانی دەگرێتە ئەستۆ، کە ئەو بڕگانەی خوارەوە دەگرێتەوەو بەپێی سروشت و گرنگی چالاکیەکە:

١- دابینکردنی ڕۆماڵی ڕاگەیاندن (پەخشی ڕاستەوخۆ، ئاسانکاری هاتنەژورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دیکۆمێنتکردنی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافی، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، بەرهەمهێنانی فلیمی دیکۆمێنتی و پێناساندن) بۆ چالاکیە جۆراوجۆرەکانی ئەنجومەن و سەرۆکایەتی و لیژنەکانی، هەروەها ئەندامان و ئەمینداریەتی گشتی و فەرمانگەو بەشەکانی و بڵاوکردنەوەیان لەسەر ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی ئەنجومەن و لاپەڕەی ئەنجومەن لە سۆشیال میدیا (فەیسبوك) و کەناڵی فەرمانگەی ڕاگەیاندن لە (یوتیوب)، سەرەڕای بڵاوکردنەوەیان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ودواتر ئەرشیفکردنیان.

٢- تۆمارکردن و پەخشکردن وئەرشیفکردنی دانیشتنەکانی ئەنجومەن و لیژنەکان و سەرجەم چالاکیەکانی تر لە کۆبونەوەو کۆنگرەو سمینارەکان و ۆرکشۆپەکان.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە دانیشتنەکان و کۆبونەوەکانی سەرۆکی ئەنجومەن ودوو جێگرەکەی لەگەڵ لیژنەو سەرۆك فراکسیۆنەکان وئەوانی تر.

٤- گەڕان بەدوای هەواڵەکان و کۆکردنەوەو کورتکردنەوەیان و پێشکەشکردنی بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بەمەبەستی ئاسانکردنی ئەرك وکاریان لە جێبەجێکردنی ئەرکە دەستوریەکانیاندا.

٥- ڕێکخستنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان بۆ سەرۆکی ئەنجومەن و دوو جێگرەکەی و لیژنەو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، هەروەها ڕێکخستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ بەشداربوانی چالاکیەکانی ئەنجومەن بەپێی پێوەرەکانی کاری ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی نوێنەراندا.ڕێکخستنی هاتنەژوورەوەی ڕۆژنامەنوس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ناو

باڵەخانـەی ئەنجومەنــی نوێنـەران وهـەر شـوێنێکی تـر کـە ئەنجومـەن چالاکیەکانـی تیایـدا ئەنجام دەدات.

٦- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکان لە سەنتەری ڕۆژنامەوانیدا.

٧- تۆمارکـردن و دیکۆمێنتکردنـی سـەرجەم چالاکیەکانـی ئەنجومـەن بەشـێوەی نوسـراوی چاپکـراو و فیلمـی دیکۆمێنتـاری و سـیدی بەبەسـتی ناسـاندنی بـەدەرەوە.

٨- چاپکردنـی کتێـب و بڵاوکراوەکانـی تـری ئەنجومەنـی نوێنـەران، دوای پەسـەندکردنی لەلایـەن لیژنـەی چاپکـراوەکان و دواتـر دابەشـکردن و ئەرشـیفکردنیان.

٩- دروسـتکردنی لاپەڕەیەکـی تایبـەت بـە هـەر پەرلەمانتارێـك لەپەرلەمانتـارە بەڕێـزەکان لەسـەر ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی فەرمـی ئەنجومـەن تێیـدا زانیـاری خـۆی و چالاکیەکانـی لەنـاو ئەنجومـەن و لـە بازنـەی هەڵبژاردنـی خویـدا تۆمـارو بڵاودەکرێتـەوە.

١٠- وەرگرتنــی سـکاڵاو پێشـنیارو پرسـیارەکانی هاوڵاتیـان لەرێگـەی ماڵپـەری ئەلیکترۆنیـەوە و ناردنیـان بـۆ لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی نـاو ئەنجومەنـی نوێنـەران و بەدواداچوونـی وەڵامدانەوەیـان.

١١- دروسـتکردنی پۆسـتێکی ئەلیکترۆنـی -ئیمێـل- بـۆ هـەر لیژنەیـەك لـە لیژنەکانـی ئەنجومـەن و پەرلەمانتـاران لـە سـەر ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی فەرمـی ئەنجومـەن.

١٢- دابینکردنـی ڕوماڵـی ڕاگەیانـدن بـۆ سـەردانی شاندەکان بـۆ ئەنجومـەن و بەپێچەوانـەوە، بەپێـی ڕێنمایـی و ڕێسـاکانی کاری ڕاگەیانـدن لـە ئەنجومەنـی نوێنـەران.

١٣- بڵاوکردنـەوەی چالاکـی ئەندامانـی ئەنجومـەن لـە بازنەکانـی هەڵبژاردنـی خۆیانـدا بەپێـی ڕێنماییەکانـی کاری ڕاگەیانـدن لـە ئەنجومـەن نوێنـەران.

١٤- بڵاوکردنـەوەی نـاوی پەرلەمانتارانـی ئامادەنەبـون لەدانیشـتنەکانی ئەنجومەنـی نوێنـەران لەسـەر ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی فەرمـی ئەنجومـەن و ڕۆژنامـەی فەرمیـدا.

١٥- بەرهەمهێنانـی بەرنامـەی تەلەفزیۆنی سـەبارەت چالاکیەکانی ئەنجومـەن بەهاوکاری لەگەڵ کەناڵـی (العراقیە).

١٦- بڵاوكردنــەوەی هــەواڵ و ڕاپۆرتەكانــی ئەنجومــەن وســەرۆكایەتی ولیژنەكانــی لــە ڕۆژنامــەی (صبــاح) بەشــێوەیەكی ڕۆژانــە، هەروەهــا بڵاوكردنەوەیــان وەكــو هاوپێچێكــی نیــو مانگــی بەهاریــكاری لەگــەڵ ڕۆژنامــەی ناوبــراودا.

١٧- فەرمانگــەی ڕاگەیانــدن لەچوارچێــوەی لیژنەیەكــی بــاڵای ســەر ئاســتی ئەنجومەنــی نوێنەرانــدا هەڵدەســتێت بــە بڵاكردنــەوەی ڕونكردنــەوەو وەڵامدانــەوەكان لەســەر هــەر هێرشــێك یــان هەواڵێــك كــە ئەنجومەنــی نوێنــەران دەكاتــە ئامانــج و هەوڵــدەدەن ڕۆڵــی لــە بــواری یاســادانان و چاودێریكــردن و بەدیهێنانــی خواســتی دەنگــدەران كــەم بكەنــەوە.

١٨- ئامادەكــردن و بڵاوكردنــی (بڵاوكــراوەی ڕاگەیاندنــی ڕۆژانــە) كــە هەمــو چالاكیەكانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران لەمــاوەی (٢٤) كاتژمێــردا لــە خــۆ دەگرێــت.

## پەیوەندی كردن بە فەرمانگە


ئیمێل: md@parliament.iq

نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتی: ژمارەی تەلەفۆن ٢٥٤٤

بەشی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی: ژمارەی تەلەفۆن ٢٥٤٧

بەشی ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی: ژمارەی تەلەفۆن ٢٥٤٨

بەشی پەیوەندیەكانی ڕاگەیاندن: ژمارەی تەلەفۆن ٢٢٧٤

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٨١٤٥٣٥١٧٠

بەشی نوسین وهەواڵسازی و كۆبەندی هەواڵەكان: ژمارەی تەلەفۆن: ٢٥٦٢

لەشی دیكۆمێنتكردن/ ژمارەی تەلەفۆن: ٢٥٥٢

# خزمەتگوزاری توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوە پەرلەمانیەکان

## بەڕێوەبەری گشتی (د. مەیادە عەبدولکازم حجامی/ دکتۆرا لە فەلسەفەی یاسادا)

فەرمانگەی توێژینەوەکان دەزگایەکی توێژینەوەیی بێلایەنە، لەساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە وبەپێی مادەی (١٥/٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەندایەو خزمەتگوزاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان و ڕاپۆرت و سمینارو خولەکانی ڕاهێنان و زانیاریەکان بەپێی پێوەری جیهانی لە وردی و بابەتیانەی زانستی وبێلایەنی و نهێنی و داهێنان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لیژنەو ئەندامانی دەکات، بەمەبەستی بەهێزکردنی کاری یاسادانان و هەڵسەنگاندنی کاری حکومەت و چاودێریکردنی و پەسەندکردنی بودجەی گشتی.

## خزمەتگوزاریەکان

١- پێشکەشکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەمەلایەنە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراوداو بەپێی شیکردنەوەی پەیرەوەیی و بابەتی.

٢- هەڵسەنگاندنی کاری دەزگایی وەکو کاری پەرلەمانی و کاری حکومی و هەڵسەنگاندنی ڕادەی کاراییەکەی.

٣- دانانی پلان و بەرنامەو ستراتیژ.

٤- ئامادەکردنی زانیاری پێویست بەخۆبەخشی لەبارەی گرنکترین کەیسەکان و ڕووداوە هەنووکەییەکان.

٥- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە هەموو ئەو کێشەو کەیسانەی کە ڕوبەڕوی کۆمەڵگا دەبنەوە بەپشتبەستن بە زانیاری و سەرژمێری وردو فەرمی.

٦- وەڵامدانەوەی پرسیارە یاساییەکانی پەرلەمانتاران و خستنەڕوی ڕای یاسایی.

٧- خستنەڕوی دیارترین ئەو کێشە یاساییانەی کە پێویستیان بە دەستیۆوەردانی یاسایی هەیە لەلایەن ئەنجومەنەوە.

٨- هەڵسەنگاندنی تێچوی ئەو یاسایانەی کە بڕیارە دەربکرێن.

٩- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی شیکاری سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی فیدرالی و بەدواداچوونی ڕێژەی جێبەجێکردنی بەهەردوو بەشی (کارپێکردن و وەبەرهێنان) ەوەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی هەمەلایەن سەبارەت بە ڕێژەی جێبەجێکراو لەلایەن سەرجەم وەزارەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە بەپێی زانیاری فەرمی ورد کە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و ئەو دەزگایانە بەدەست دەهێنرێت.

١٠- پاڵپشتیکردنی ئەنجومەن لە چاودێریکردنی دارایی گشتی لەڕێگەی بەدواداچوونی ژمێریاری کۆتایی و ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی و کورتکردنەوەیان و خستنەڕوی گرنگترین ئەو سەرپێچیانەی لەسەریەتی.

هەروەها کتێبخانە نزیکەی (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار ناونیشان لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە سەرچاوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت و بەپێی سیستمێك کاردەکات کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە پەسندکراوەو کاری کتێبخانەوکۆپیکردن و دانەوەی کتێب ڕێکدەخات، سەرەڕای هەوڵ وکارەکانی بۆ دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی لە کتیبَخانەدا نین بەشێوەی پەرتوکی نوسراوو ئەلیکترۆنی بەپێی داواکاری ئەندامانی ئەنجومەن و کارکردن بۆ گەیاندنی بۆ دەستیان لەڕێگەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی بەمەبەستی بەهێزکردنی کاری پەرلەمانی. گرنگترین سەرچاوەو کتێب و نوسراوەکانی کتیبَخانە بریتیە لە:

١- کۆنووسەکانی لیژنەی نووسینی دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

٢- کۆمەڵێك لە ناوبانگترین سەرچاوەی یاسایی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تری مرۆیی کە لەبواری کاری لیژنەکانی پەرلەماندا سودیان لێوەردەگیرێت.

٣- یاساکان و رۆژنامەی وەقائیعی عێراقی لە ١٩١٧ ەوە تا دوایین یاسا دەرکراوەکانی ئێستا.

٤- بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی و فەتواکانی ئەنجومەنی دەوڵەت.

٥- تەواوی یاسا دەرکراوەکانی کۆمەڵێك لە وڵاتانی عەرەبی.

٦- راپۆرتە حكومیەكان لەسەر وەزارەت و دامودەزگا عێراقیەكان.

٧- تۆمارو سەرژمێری دانیشتوان لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە.

٨- چەندین نامەی ماجستێرو دكتۆرای (ئەلیكترۆنی و نوسراو).

٩- كۆمەڵێكی تەواو لە گرنگترین بڵاوكراوە خولیەكان (دوریات)ی دادگا عێراقی و عەرەبییەكان.

١٠- كۆنووسی دانیشتنەكانی پەرلەمانەكانی عێراق لەرۆژی دامەزراندنیانەوە لەساڵی ١٩٢٤ و تاكو ئێستا.

١١- كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ وتایبەتمەند بەزمانی ئینگلیزی.

١٢- راپۆرتەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان و رێكخراوە نێودەوڵەتیەكانی تر.

## هۆكارەكانی پەیوەندیكردن بە فەرمانگە

بەشی توێژینەوەكان/ ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ١٥٥١

ئیمێل: res.dep@yahoo.com

بەشی لێكۆڵینەوەی یاسایی/ ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ١٥٢٨

ئیمێل:leg.dep@yahoo.com

بەشی توێژینەوەكانی بودجە/ ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ١٥٠١

ئیمێل: res.budget@yahoo.com

بەشی پاڵپشتیكردنی توێژینەوەیی/ ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ١٥١٦

ئیمێل: rss.direct1@gmail.com

بەشی كتێبخانەی پەرلەمانی/ ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆ: ١٥١٠

ئیمێل: librarya79@gmail.com

# خزمەتگوزاریەکانی کاروباری پەرلەمانی

## بەڕێوەبەری گشتی (حەیدەر جاسم موسەننا/ بەکالوریۆس لە زانستی فیزیا، بەکالۆریۆس لەیاسا)

فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی بەپێی ئەو ئەرکانەی کە بە بەشەکانی سپێردراون، جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتە ئەستۆ کە ئەنجومەنی نوێنەران لەڕێیانەوە هەڵدەستێت بە یاسادانان و چاودێریکردن وکارنامەی دانیشتنە گشتیەکان ئامادە دەکات بەپێی ڕێوشوێنی دیاریکراو، هەروەها کار دەکات بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە گەڵ فراکسیۆنە پەرلەمانیەکانداو هەروەها هەڵدەستێت بە بەستنی کۆبونەوەی تایبەت بە گوێبیستن و ڕاپرسیەکان و کۆبونەوە ڕاستەوخۆکان لەڕێگەی نوسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکانەوەو سەرەڕای ئەرکی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کاری لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان و ئامادەکردنی تۆماری زانیاری تایبەت بەهەر یەك لەلیژنەکان و بەدواداچوون و نوێکردنەوەیان و بەدواداچوونی بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تایبەت بەکاری لیژنەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی پەیوەندی بە کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پارێزگاکان دەکات وگوێ لە بۆچوونی ئەوان دەگرێت و سکاڵاکانیان دەگەیەنێتە ئەنجومەنی نوێنەران، کاریش دەکات بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی یاسادانان و چاودێرکردن و نوێنەراتیکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکانی خۆیاندا.

### خزمەتگوزاریەکان

١- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی خشتەی کاری دانیشتنەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لیژنەی یاسایی و فەرمانگەی تەکنولۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان و فەرمانگەی یاسادانانی پەرلەمانی.

٢- بەدواداچوونی تۆماری ئیمزاکانی پەرلەمانتاران پێش بەستنی دانیشتن.

٣- ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانتاران لە کاتی تەواوبونی ڕادەی مۆڵەتە ئاساییەکانیان، بەدواداچوونی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ئەوەی لە ڕادەی دیاریکراوی خۆی تێنەپەڕێت.

٤- بەدواداچونی بابەتی ئامادەنەبون و مۆڵەتەکان و شاندنی پەرلەمانتارەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی بڕیاردەری ئەنجومەن.

٥- بەدواداچوون و دابینکردنی هەمو پێداویستیەکانی کاری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ سکرتێرەکانی لیژنەکان.

٦- دابینکردنی هەمو پێداویستیەکانی لیژنە کاتیەکان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارەکانیان.

٧- ئامادەکردن و بەدواداچوونی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە بەرپرسە بەڕێزەکان.

٨- بەدواداچوونی ڕێنماییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و فەرمانەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەن و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی و دڵنیابون لە گەیاندنیان بۆ لیژنەکانی پەرلەمان.

٩- بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەو خولی تایبەت بە دەستکەوتەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و گرتنەبەری پەیڕەوی نمونەیی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

١٠- هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکانی کاری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەیان و بەگوێرەی پێوەرە دیاریکراوەکان لەڕێگای تیمێکی تایبەتمەندی فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی/ بەشی کاروباری لیژنەکان.

١١- ئاگادارکردنەوەی هەمو لیژنەکان بە کاتی کۆبونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەکردنی خشتەی کارکردنی پێویست و دیکۆمێنتکردنی کۆنووسەکانی.

١٢- هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەبارەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ وجەماوەر لە نووسینگەکانی ئەنجومەن لە پارێزگاکاندا.

١٣- یارمەتیدانی پەرلەمانتاران بۆ ئەنجامدانی سەردانە مەیدانیەکان و چاوپێکەوتنیان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوخۆ.

١٤- بەدواداچوونی داواکاری ئەندامانی ئەنجومەن سەبارەت بە پەیوەندیکردن بە

جەماوەرو بەدواداچوونی پرۆژە وەستاوەکان.

١٥- ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ئەنجومەن بە ڕێنماییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و وادەی بەستنی دانیشتنەکان و ئاگادارکردنەوەو سەرجەم فەرمانەکانی تر.

١٦- بەدواداچوونی جووڵەی پۆستەی فراکسیۆنەکان و پۆستەی ناوخۆی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن.

١٧- کۆپیکردنی یاساکانی سەر خشتەی کاری دانیشتنەکان و ناردنیان بۆ هۆڵی بەستنی دانیشتنەکان و دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی ئەنجومەندا.

١٨- دابینکردنی پاڵپشتی تەکنیکی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن لە ئامادەکردنی پرسیارو لێپرسینەوەکان.

١٩- ڕێکخستن و بەدواداچوونی ئەو لێکۆڵینەوە پەرلەمانیانەی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و لیژنە هەمیشەییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

٢٠- ئامادەکردن و بەردەستکردنی پێداویستیەکانی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرساندا.

٢١- ئامادەکردن و بەردەستکردنی پێداویستیەکانی داوا گشتیەکانی تایبەت بە لایەنی چاودێری.

٢٢- دابینکردنی زانیاری تایبەت بە هۆکارەکانی چاودێری خولەکانی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەران.

٢٣- ئامادەکردن و ڕێکخستنی سمیناری گفتوگۆئامێز و کۆنگرەی تایبەت بە ڕۆڵی چاودێری.

٢٤- کاراکردنی هۆکارەکانی چاودێری لەڕێگەی کردنەوەی خولەکانی مەشق و ڕاهێنان بۆ ئەندامانی ئەنجومەن بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا.

٢٥- دابینکردنی هەمو زانیاریەکی پێویست سەبارەت بە لایەنی چاودێری بۆ ئەندامانی ئەنجومەن.

٢٦- ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆبونەوەو سمینارەکانی تایبەت بە تاوتوێکردنی بەرنامەی حکومەت بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و خستنەڕوی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی.

## بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگە

ئیمێل: parliamentary.icor@gmail.com

# خزمەتگوزاریەکانی یاسادانانی پەرلەمانی

## بەڕێوەبەری گشتی (محمد قاسم یەعقوب/ ماجستێر لە یاسا)

فەرمانگەی یاسادانانی پەرلەمانی وەکو دەزگایەکی هونەری تایبەتمەند، بەپێی فەرمانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن خزمەتگوزاریەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامانی ئەنجومەن و هەموو لیژنەکانی دەکات.

خزمەتگوزاری بواری یاسادانان بەپێی پێوەرەکانی کوالیتی جیهانی و حەوکەمەی یاسادانان بەو شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت:

١- بەدواداچوونی کاری لیژنە تایبەتمەندەکان لە بواری چۆنیەتی بەڕێوەچونی ڕێوشوێنی یاسایی تایبەت بە پێشنیارو پڕۆژە یاساکان لە بەرواری پێکهێنانیان و تا کۆتایی هێنان بە دەنگدان و پەسەندکردنی و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا، دواتر وردبینی کردنی دەقی بڵاوکراو لەگەڵ ئەو دەقەی لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەردرا.

٢- دروستکردن ونوێکردنەوەی داتابەیسێکی تایبەت بە قۆناغەکانی یاسادانان بۆ هەمو پێشنیارو پڕۆژە یاساکان.

٣- ئامادەکردنی دۆسیەیەکی یاسایی بۆ هەر پڕۆژە یان پێشنیاری یاسایەك لەقۆناغی یاسادانانداا، تێیدا هەمو وردەکاری و بابەتێك کە پەیوەندی یاسایی بە پڕۆژەکە یان پێشنیارەکەوە هەبێت بڵاودەکرێتەوە، وەکو یاسای کارپێکراو یان بڕیاری پابەندپێکراو یان حوکمی دادوەری یان دەستوری یان ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان یان ڕشنوسی یاسای تری پەیوەندیدار.

٤- بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لیژنەکان و فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی، فەرمانگە بەشداریدەکات لە ئامادەکردنی خاڵە پەیوەندیدارەکان بەلایەنی یاسادانانەوە لە خشتەی کاری دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.

٥- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خولی تایبەت بە دەستپێشخەری یاسادانان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی دەستپێشخەری ئەنجومەن لە یاساداناندا و بەراوردکردنی لەگەڵ لایەنە دەستوریەکانی هاوشێوەی ئەو جۆرە دەستپێشخەریەدا، بەپێی نمونەی ڕاپۆرتی کارپێکراوی فەرمانگە.

٦- پێداچوونەوەی دەستوری بۆ هەمو پێشنیارو پرۆژە یاسایەك.

٧- چاودێریکردن و دڵنیابون لە ڕەچاوکردنی پێشنیارو پرۆژە یاساکان بۆ پابەندبونە نێودەوڵەتیەکانی عێراق بەپێی دەستور.

٨- لێکۆڵینەوەو دڵنیابون لەوەی پێشنیارو پرۆژە یاساکان لەڕوی یاساییەوە لەگەڵ سیستمی یاسایی کارپێکراوی عێراق دەگونجێت.

٩- ئامادەکردنی توێژینەوەی سوودمەندی (جدوی) یاسادانان بۆ هەمو پێشنیارو پرۆژە یاساکان.

١٠- داڕشتنی پێشنیاری یاساکان، بەپشتبەستن بە دەستور، یان بەشداریکردن لە داڕشتندا بەپێی داوای ١٠ پەرلەمانتار یان یەکێك لە لیژنە تایبەتمەندەکان.

١١- دووبارە داڕشتنەوەی پرۆژە یاساکان بە بەراوردکردن لەگەڵ نوێترین سیستمی یاسایی جیهانی لەبواری یاساداناندا و گونجانی لەگەڵ ڕوانینی لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەن.

١٢-داڕشتن یان بەشداریکردن لە داڕشتنی یاداشتنامەو ڕێکەوتنامەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران بە سەرجەم فەرمانگەکانیەوە لەگەڵ لایەنە فەرمی و نا فەرمیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا.

١٣- داڕشتن و وردبینیکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پێش دەکردنیان، لەسەر داواکاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

١٤- ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری یاسادانانی پێشو و دواتری پێشنیارو پرۆژە یاساکان بۆ زانینی کاریگەری چاوەڕوانکراو لە پەسەندکردنی ئەو ڕەشنوسانەو

دەرەنجامەکانی جێبەجێکردن، بەپێی فۆرمی نمونەی کارپێکراوی فەرمانگە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کاریگەری یاسادانان.

١٥- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پاڵپشتیکردنی هونەری بۆ هەمو چالاکی و خزمەتگوزاریەکانی فەرمانگە بەهەمو جۆرەکانی ئاڵوگۆڕی زانستی و کارکردن لە بواری یاسادانانەدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕاوێژکارانی ئەنجومەن و لیژنەکان و زانکۆو سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان وماڵەکانی پسپۆڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و پەرلەمانەکان و ڕێکخراوو دەستە نێودەوڵەتیە حکومی و ناحکومیەکان.

## بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگەوە

ئیمێل: leg.directorate@parliament.iq

ژمارەی مۆبایل: 07704435405

# خزمەتگوزاری ئەندازیاری

## بەڕێوەبەری گشتی (بیلال کەنعان بەشیر/ بەکالوریۆس لە ئەندازیاری کارەبای ئەلیکترۆنیك)

فەرمانگەی ئەندازیاری ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەناو باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران و هۆڵ و نوسینگەکانیدا دەگرێتە ئەستۆ و ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی کوالیتی لەڕووی وردی و هەمەلایەنی و قەبارەی تێچوو لە چوارچێوەی پلانی کاتی دیاریکراودا، هەروەها هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نۆژەنکردنەوەو چاککردنەوەی ئامێرەکان، لەلایەکی تر فەرمانگە کاردەکات بۆ پێگەیاندنی ئەندازیاران و کادری هونەری و پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ گەیشتن بە چارەسەری نمونەیی بۆ کێشەکان و هاندانی داهێنان و کارکردن بە بەرنامە نوێیەکانی تەکنولۆژیاو گرنگیدان بە ژێرخانی دەزگاکەو پاراستنی کەلوپەلەکانی.

## خزمەتگوزاریەکان

١- نۆژەنکردنەوەی ئامێرەکانی ساردکردنەوە لە باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران و بیناکانی تری کارگێڕی وماڵەکانی میوانداری سەرۆکایەتی ئەنجومەن و هەموو باڵەخانەکانی تری سەر بە ئەنجومەن، هەروەها ئامێرەکانی ساردکردنەوەی ناوەندی (package) لە هۆڵی دانیشتنەکانی ژمارە (٤) و هۆڵی شبیبی.

٢- بەدواداچون و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی مەسعەدەکان.

٣- پێشکەشکردنی پێشنیارو خستنەڕوی بۆچون سەبارەت بە هەموو کارە مەدەنی وپرۆژەکان بەمەبەستی پاراستنی جوانی باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران وهەموو بەش و هاوپێچەکانی.

٤- جێبەجێکردنی کارەکانی ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی پرۆژەکان لە چوارچێوەی دەسەڵات و کارەکانی لیژنەی نۆژەنکردنەوەی خێرا.

٥- دانان و هەڵوەشاندنەوەی کەلوپە دارییەکانی ناوماڵ.

٦- نۆژەنکردنەوەی بەردەوام بۆ کەل و پەلی ناوماڵ و دەرگاکان بەپێی داواکاری بەدەست گەیشتوو.

٧- بەردەوامیدان بە توکمەیی کەلوپەلی هۆڵەکانی ئەنجومەن.

٨- نۆژەنکردنــەوەو دانــان و لابردنــی کەلوپەلــی ئاودەســت و تەندروســتیەکان بەپێــی پێویســت.

٩- ئەنجامدانــی هەمــوو کارێکــی کارەبایــی لــە باڵەخانــەی ئەنجومەنــی نوێنــەران و ماڵەکانــی میوانــداری ســەرۆکایەتی ئەنجومــەن (سیســتەم، نۆژەنکردنــەوە، دانانــی هێڵــی نوێــی دابینکــردن، نۆژەنکردنــەوەی بەردەوامــی ئامێــرەکان).

١٠- دامەزراندنــی ســەحنی دەرەوەو ئامێــری ســەتەلایت و بەرنامەڕێژکردنــی و بەســتنەوەی بــە وایــەرە پێویســتەکان.

١١- نۆژەنکردنــەوەو بەکارخســتنی هەمــوو موەلیدەیــەك و ئەنجامدانــی پشــکنینی ڕۆژانــە بۆیــان.

١٢- نۆژەنکردنــەوەی خێــرای موەلیدەکانــی ســەرۆکایەتی ئەنجومــەن و نوســینگەکانی ئەنجومــەن لــە پارێزگاکانــدا لەکاتــی پێویســتدا ولــە کاتــی روودانــی هــەر رووداوێکــی لەنــاکاودا.
١٣- وەرگرتنــی داواکاری لایەنــە پەیوەندیــدارەکان تایبــەت بــە کاری ئاوەدانکردنــەوەی باڵەخانــەو نۆژەنکردنــەوەی تۆڕەکانــی خزمەتگــوزاری، هەروەهــا پێشــنیارەکانی گۆڕینــی شــێوازی باڵەخانەکانــی ئێســتا بەجۆرێــك کــە لەگــەڵ گۆڕانکاریەکانــدا بگونجێــت، لەگــەڵ ئەنجامدانــی پشــکنینی شــوێن و ئامادەکردنــی خشــتەی چەندایەتــی تایبــەت بەپێداویســتیە ســەرەتاییەکان و نرخــە خەملێنــراوەکان.

١٤- ئامادەکردنی دیزاینی بیناسازی بۆ باڵەخانەو دەزگاکان.

١٥- بەدواداچوونــی ئــەو پــڕۆژە جێبەجێکراوانــەی کــە لەلایــەن وەزارەت و لایەنــە دەرەکیەکانــەوە بــۆ ئەنجومەنــی نوێنــەران ئەنجــام دەدرێــن.
١٦- پاککردنــەوەی بەردەوامــی باخچــەکان و چاندنــی گــوڵ وەرزی و کارپێکردنــی سیســتەمی ڕەشــاندنی ئــاو بەپێــی خشــتەو کاری دیاریکــراو، هەروەهــا کارپێکردنــی سیســتەمی نافــورەکان و نۆژەنکردەوەیــان بەشــێوەیەکی بــەردەوام و پڕکــردن و پاککــردن و نۆژەنکردنــەوەی بــەردەوام بــۆ سیســتەمی ئاگرکوژانــەوە لــە باخچەکانــدا.

## هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بە فەرمانگەوە

ئیمێل: eng.bilal@parliament.iq

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٩٠١١١٦٦٢٦

# خزمەتگوزاریەکانی ڕاوێژکاری یاریدەدەر بۆ کاروباری ئەمینداریەتی گشتی

١. پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران لە بواری پلاندانانی ستراتیژی.

٢. پێشکەشکردنی بۆچوون و ڕا لەبواری پەرەپێدانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی کارا بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنماییەکانی ئەمینداریەتی ئەنجومەنی نوێنەران بەشێوەیەکی کاراو لێهاتوو.

٣. بەشداریکردن لە دەستنیشانکردنی بەربەست و کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنماییەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران و پێشکەشکردنی پێشنیارو چارەسەری بۆ ئەمینداری گشتی یان یەکێك لە دوو جێگرەکەی.

٤. پێشکەشکردنی شیکردنەوەیەکی سەربەخۆ بۆ هەر دۆسیەیەك لە دۆسیەکان و دیاریکردنی بەربەستەکانی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم تەواوکردنیان و دانانی چارەسەری گونجاو، بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەو پێشنیاری چارەسەرکردن بۆ ئەمینداری گشتی یان یەکێك لە جێگرەکانی.

٥. پێشکەشکردنی ڕاویژ و لێکۆڵینەوە سەبارەت ئەو بابەتانەی لە لایەن ئەمینداری گشتی یان یەکێك لە جێگەرەکانیەوە ڕەوانەی دەکرێن و تایبەتن بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران.

٦. پێشکەشکردنی ڕاوێژ سەبارەت بە ڕاست و دروستی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنە کارگێڕییەکان و ڕادەی گونجانی لەگەڵ دەستورو یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

٧. بەشداریکردنی لە کۆبونەوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنەو کۆنگرەو سمینارو وۆرکشۆپەکانی تایبەت بە کاری ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران.

٨. پێشکەشکردنی ڕاویژ سەبارەت بەو نوسراوە فەرمیانەی ڕەوانەی دەکرێن.

٩. جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕاستکردنی کاری دامەزراوەیی پێکهاتەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران.

١٠. خستنەڕووی ڕاو پێشکەشکردنی ڕاویژی تایبەت بە لایەنەکانی چاودێری و گرێبەستکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت.

١١. یارمەتیدانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران لە جێبەجێکردنی ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆیدا، لە ڕێگەی هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی تری دەوڵەت لەوانە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری.

١٢. ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی تری جێبەجێکردن کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەمینداری گشتی یان یەکێك لە جێگرەکانی ئەمیندارەوە پێی دەسپێردرێت.

١٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژو پێشکەشکردن و خستنەڕووی شارەوایی خۆی لە بەرنامەکانی پێناساندن و مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بە کاروباری ئەمینداریەتی گشتی.

١٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژ سەبارەت بە ئامادەکردن و پێداچوونەوەی پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگەکانی ئەمینداریەتی گشتی بەجۆرێك کە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا گونجاوبێت.

١٥. پێشکەشکردنی ڕاوێژ سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەمینداریەتی گشتی و ئەو بابەتانەی کە لەلایەن ئەمینداری گشتی یان یەکێك لە جێگرەکانیەوە ڕەوانە دەکرێن.

١٦. پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەو پێشنیارکردنی چارەسەری بۆ کێشەکان و خستنەڕووی ڕا سەبارەت ئەو بابەتانەی کە لەلایەن ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران یان یەکێك لە جێگرەکانی یان فەرمانگەکانی ئەمینداریەتی گشتی لە کەرتە جیاکاندا ڕەوانە دەکرێن.

١٧. ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی ڕاوێژکاری کە لەلایەن ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران یان دوو جێگرەکەیەوە پێی دەسپێردرێت.

# ئەمینداری گشتی

## د. سیروان عبدالله ئیسماعیل/ دکتورا لە پڕۆگرامە پەروەردییەکان

بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبردنە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئەرك و کارەکانی بەپێی یاساو ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە پێیدراون هەڵدەسوڕێنێت و بەرپرسە بەرامبەر دەستەی سەرۆکایەتی، هەروەك کۆمەڵێك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن بەپێی پێداویستیەکانی ئەنجومەن، نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەکات لە یەکێتی ئەمیندارەکانی پەرلەمانی نێودەوڵەتی و عەرەبیدا.

## نوسینگەی ئەمینداری گشتی

خاڵی بەستنەوەیە لەنێوان ئەمینداری گشتی ئەنجومەن و فەرمانگەکانی تری ئەمینداریەتی گشتی، پێکهاتوە لە ژمارەیەك فەرمانبەر کە بەپێی ڕێنماییەکانی ئەمینداری گشتی ئەرکە کارگێڕی و هونەریەکانیان ئەنجام دەدەن:

## بەش و هۆبەکانی سەر بەنوسینگەی ئەمینداری گشتی

١- بەشی ئاسایش.

٢- بەشی وردبینی وچاودێری ناوخۆیی.

٣- بەشی گرێبەستەکان.

٤- هۆبەی دەرکردنی ناسنامەی ئەنجومەنی نوێنەران.

٥- هۆبەی دەرکردنی ناسنامەی ناوچەی سەوز.

## ئەرك و کارەکانی هەریەك لەو بەش و هۆبانە:

١- بەشی ئاسایش

## بەڕێوەبەری بەش (محمد عەبدولواحید فەیاز / بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامیەکان)

### دەرگاکانی هاتنەژوورەوە

بارەگای ئەنجومەن سێ دەرگای سەرەکی هەیە کە بریتین لەدەرگای یەکەم دەرگای

پشتەوە (VIP) دەرگای سەرەکیە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن و گەورە بەرپرسانی وڵات و هاتنەژوورەوە لەو دەرگایە بەپیادە دەبێت پاش نیشاندانی ناسنامەکەی بەبێ یاوەری پاسەوانەکانی، بەڵام بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەتوانن بە سێ ئۆتۆمبێلەوە لە دەروازەی پشتەوە بێنە ژوورەوە، ڕێوشوێنی هاتنەژوورەوە لەو دەرگایە بریتیە لە پشکنینی جانتاو کەلوپەلی تاکەکەسی پەرلەمانتاران و دەبێت بخرێنە سەبەتەیەکی تایبەتەوەو بە ئامێری سۆنارەوە بپشکنرێن، دواتر پەرلەمانتار بەنێو ئامێری دۆزینەوەی کانزاکان تێدەپەڕێت و لەکاتی هەر ئاماژەیەکی ئەو ئامێرە، ئەوا ئەو پەرلەمانتارە بەدەست دەپشکنرێت و پاش تەواوبونی پشکنین دەچێتە ناو باڵەخانەکەوە.

دەرگای دووەم (ناوەڕاست) کە تایبەتە بەهاتنەژوورەوەی فەرمانبەران و میوانان، ودەرگای سێیەمیش دەکەوێتە نزیک بارەگای بانقی عێراقی بۆ بازرگانی و بەشێویەکی کاتی لەبەر چەند هۆکارێکی پەیوەندیدار بەلایەنی ئاسایشەوە داخراوە.

لەلایەکی ترەوە، پاسەوانان دەتوانن سود لە ناوچەی پشوودانی تایبەتیان وەربگرن کە دەکەوێتە نزیک دەرگای (VIP) و هەمو هۆکارەکانی حەوانەوەی تێدایە، هەروەك گەراجی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکان لە نزیك ئۆتێلی ڕەشید دابینکراوەو پاش کۆتاییهاتنی دانیشتنی پەرلەمان پاسەوانەکان دەتوانن پەرلەمانتاران بەرنەوە بۆ شوێنی حەوانەوەیان.
لەکاتی سەردانی میوانێك بۆ باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەران، پێویستە لایەنی خانەخوێ فۆرمێکی تایبەت بە چونەژوورەوەی ئەو میوانە بۆ ناو بارەگای ئەنجومەن پڕ بکاتەوە، کە لە لایەن (لیژنە، فەرمانگەیەك لە فەرمانگەکانی ئەنجومەن) ەوە بە واژوی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو لایەنە ئامادە کرابێت، پاشان ڕەوانەی بەشی ئاسایش دەکرێت بۆ پەسەندکردنی، دوا کاتی وەرگرتنی فۆرمەکان کاتژمێر (١٠) سەر لە بەیانی هەمو ڕۆژێکە، جگە لە پڕکردنەوەی فۆرمێکی تر بۆ چونەژورەوە لە دەروازەی ژمارە (٣) ی دەرەوە بە هەمان شێوازی پێشوو.

سەبارەت بە تاقمی پاسەوانانی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ڕێنمایی تایبەت هەیە کە بواری چونەژوورەوەی باڵەخانەی ئەنجومەنیان نادات، تەنها ڕێگە دەدرێت سکرتێری پەرلەمانتار لەو ڕۆژانەی دانیشتنی ئەنجومەن ساز ناکرێت بچێتە ژوورەوە، ئەویش بە هەمان میکانیزمی پێشوی چونەژوورەوە.

## باری نائاسایی

لەکاتی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە یان گومان کردن لە ڕووداوێکی لەو جۆرە، دەستبەجێ باری نائاسایی ڕادەگەیێندرێت لەڕێگەی شکاندنی شوشەبەندی نزیکترین خاڵی ئاگادارکردنەوەو پێویستە پەیوەندی بەژمارەی تەلەفۆنی هۆبەی بەرگری شارستانی (٢٤٢٤) بکرێت و لەکاتی بیستنی زەنگی ئاگادارکردنەوەی ئاگرکەوتنەوەدا پێویستە هەموان لەڕێگەی نزیکترین دەرگاوە باڵەخانەکە چۆڵ بکەن.

## بەشی وردبینی و چاودێری ناوخۆ

## بەڕێوەبەری بەش ( ئەحمەد نەجم موراد/ بەکالوریۆس لە ژمێریاری)

ئەو بەشە تایبەتمەندە بە وردبینی کردنی هەمو بەڵگەنامەکانی خەرجکردن و کڕین کە بریتیە لە ( خەرجی کارپێکردن، خەرجی خزمەتگوزاری، خەرجی کاڵایی) لەگەڵ تۆمارکردنی ڕای دارایی و وردبینی سەبارەت بە ڕێوشوێنە داراییە ڕەهاکان و دڵنیابون لە بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی گرێبەستەکان بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

## بەشی گرێبەستەکان

## بەڕێوەبەری بەش (عەلی تالیب حەمەد / بەکالوریۆس لە یاسا)

بەگوێرەی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراون، بەشی گرێبەستەکان هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی هەمو جۆرە گرێبەستێکی حکومی تایبەت بەدابینکردنی پێداویستی کارەکانی ئەنجومەن و دڵنیابون لە بەڕێوەچونی ڕێوشوێنەکانی کڕین گرێبەستکردن بە پێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان، ئەو بەشە لەڕوی بەڕێوەبردن وهونەرییەوە سەر بە سەرۆکی لایەنی گرێبەستکردنە لەوەزارەتی پلاندانان/ فەرمانگەی گرێبەستە گشتیەکانی حکومەت و پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرو نوسینگەی بەڕێوەبردن و سێ هۆبە (هۆبەی گرێبەستکردن و یاسایی، هۆبەی کارگێڕی و پاراستن و ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی، هۆبەی بەدواداچوون). دەتوانن پەیوەندی بکەن بە بەشەکەمانەوە لەرێگەی ئەو ئیمێلە (contracts@parliament.iq).

## جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی

## صادق جومعە حەمید/بەکالوریۆس لە ئەندازیاری کارەبای ئەلیکترۆنیك

ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەمینداری گشتیەوە هەیەو پلەی بریکاری وەزیرە، لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەمینداری گشتی بەهۆی سەرقاڵبوونی بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی لەدەرەوەی ئەنجومەن، یان لە کاتی ڕاسپاردنیدا کارەکانی ئەمینداری گشتی ڕادەپەڕێنێت، هەروەك هاوکاری ئەمینداری گشتی دەکات لە بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە کاری ئەنجومەنەوە (کارگێڕی، دارایی، یاسایی، تەکنولۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان) و ڕاویژو ڕای خۆی پێشکەشی ئەمینداری گشتی دەکات بۆ کارئاسانی لە کارەکانیدا، جگە لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری لۆجستی بۆ ئاسانکردنی کاری ئەندامانی ئەنجومەن و لیژنەکان بەپێی ڕێنماییەکانی ئەمینداری گشت.

## نوسینگەی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی

بازنەی گەیاندن پێکدێنێت لەنێوان جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی و فەرمانگەکانی تری ئەمینداریەتی گشتی، ژمارەیەك فەرمانبەری هەیە کە بەپێی ڕێنماییەکانی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی ئەرکی کارگێڕی و هونەری سەرشانیان جێبەجێ دەکەن.

## جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی

## محمد هانی بەدرانی/ بەکالوریۆس لە یاسا

ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەمینداری گشتیەوە هەیەو پلەی بریکاری وەزیرە، لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەمینداری گشتی بەهۆی سەرقاڵبوونی بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی لەدەرەوەی ئەنجومەن، یان لە کاتی ڕاسپاردنیدا کارەکانی ئەمینداری گشتی ڕادەپەڕێنێت، هەروەك هاوکاری ئەمینداری گشتی دەکات لە بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە کاری فەرمانگەکانی (پەرلەمانی، ڕاگەیاندن، توێژینەوەکان، پەیمانگای مەشق و پەرەپێدانی پەرلەمانی، فەرمانگەی یاسادانانی پەرلەمانی، پەیوەندیە گشتیەکان و تەشریفات) و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ ئەمینداری گشتی بۆ کارئاسانی لە کارەکانیدا، جگە لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری لۆجستی بۆ ئاسانکردنی کاری ئەندامانی ئەنجومەن و لیژنەکان بەپێی ڕێنماییەکانی ئەمینداری گشتی.

## نوسینگەی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی

**بازنەی گەیاندن پێکدێنێت لەنێوان جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی و فەرمانگەکانی تری ئەمینداریەتی گشتی، ژمارەیەك فەرمانبەری هەیە کە بەپێی ڕێنماییەکانی جێگری ئەمینداری گشتی بۆ کاروباری پەرلەمانی ئەرکی کارگێڕی و هونەری سەرشانیان جێبەجێ دەکەن.**

# Notes

# Notes

# Notes

# Notes